# خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ بەشداریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتاڵیا ٢٠٢٦

موەفەق عادل عومەر، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی/ زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر

## پێشەکی

کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتاڵیا (Antalya Diplomacy Forum – ADF) ساڵانە لە تورکیا بە بەشداریی سەدان کەسایەتی و بەرپرسی باڵای وڵاتانی جیهان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوە دەچێت و تیایدا پرس و پێشهاتەکانی جیهان لە چوارچێوەی بنەماکانی دیپلۆماسی تاوتوێ دەکرێت.

لە ڕۆژانی ١٧-١٩ی نیسانی ٢٠٢٦، پێنجەم کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتاڵیا ٢٠٢٦ بە بەشداریی شەش هەزار و چوار سەد کەسایەتی لە سەد و پەنجا وڵاتی جیاواز، کە (٢٣)یان سەرۆکی حکوومەت و، (١٣)یان جێگری سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی پەرلەمان بوون و، هەروەها (٥٠) وەزیر و نوێنەری (٨٧) ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی تێدا بوو، بەڕێوە چوو.

لە کۆڕبەندەکەدا بۆ هەر ساڵێک دروشمێک دیاری دەکرێت؛ دروشمی ئەمساڵ بریتی بوو لە " ڕووبەڕووبوونەوەی نادیارییەکان لە کاتی نەخشەکێشانی داهاتوودا- Yarını Tasarlarken Belirsizliklerle Baş Etmek – Mapping Tomorrow, Managing Uncertainties" کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە شێوەیەکی گشتی چاودێریی ڕەوشی دیپلۆماسی کرا؛ هەروەها لەنێو چاوپێکەوتنە دووقۆڵییەکان، پانێلەکان و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکاندا پرسە گرنگ و هەنووکەییەکان تاوتوێ کران.

بێ گومان بەشداریکردن لەم جۆرە دیدارە دیپلۆماسییانە زۆر گرنگە؛ بەتایبەت بۆ ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی وەکوو هەرێمی کوردستان، ئەم گرنگییە زیاتر دەردەکەوێت. سەرۆکی هەرێمی کوردستان "نێچیرڤان بارزانی" بەشداربوویەکی گرنگی کۆڕبەندەکە بوو.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین ئاماژە بە گرنگیی ئەم هەنگاوە دیپلۆماسییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدەین.

## بۆچی بەشدرایکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی ئەنتاڵیا ٢٠٢٦ هەنگاوێکی گرنگە؟

بەشداریکردنی سەرۆک "نێچیرڤان بارزانی" وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتاڵیا ٢٠٢٦، گرنگیی ستراتیژی و سیاسیی گەورەی هەیە کە بەشداربوونێکی پرۆتۆکۆڵی تێ دەپەڕێنێ و،

ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە پێگەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا. دەتوانین ئەم گرنگییە لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١. جەختکردن لە ئامادەبوونی هەرێمی کوردستان وەک ئەکتەرێکی سیاسیی هەرێمی: سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە ١٦ی نیسانی ٢٠٢٦ لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد کەوا سەرۆک "نێچیرڤان بارزانی" بە بانگهێشتێکی فەرمی گەیشتە ئەنتاڵیا؛ ئەمەیش بە واتای ئەوە دێت کە خودی بانگهێشتنامەکە بریتییە لە شێوازێکی ئامادەبوون، کە مۆرکێکی سیاسیی دانپێدانراوە لەلایەن وەڵاتی ڕێکخەری کۆڕبەندەکەوە. ئەمەیش بە مانایەکی دیکە ئاماژە بەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی ناوخۆی عێراقدا گۆشەگیر نەکراوە، بەڵکوو توانیویەتی خۆی وەک قەوارەیەکی سیاسی پێشکەش بکات کە توانای ڕاستەوخۆی هەیە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ سەرکردە و بەرپرسە نێودەوڵەتییەکان. ئەمەیش دەکرێ لە چوارچێوەی پارادیپلۆماسییەوە (واتا یەکە فیدراڵییەکان یاخود هەرێمەکان دەتوانن مومارەسەی ئەرکە دەرەکییەکانیان بکەن، بەبێ ئەوەی ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ) خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

٢. پتەوکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو هاوکێشە هەرێمییەکاندا: هەروەک لەسەرەوەیش ئاماژەمان پێ داوە کەوا کۆڕبەندی ئەنتاڵیا ٢٠٢٦ لەژێر دروشمی "ڕووبەڕووبوونەوەی نادیارییەکان لە کاتی نەخشەکێشانی داهاتوودا" ڕێک خراوە، کە ئەمەیش بە واتای بەڕێوەبردنی داهاتوو و قۆناغە نادیارەکان دێت و، ئەم دروشمەیش تا ڕادەیەکی بەرچاو سروشتی ئەم قۆناغە ناسەقامگیرەی ئێستامان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە. بۆیە بەشداریکردنی سەرۆکی هەرێم لەم کۆڕبەندەدا، گرنگیی هەرێمی کوردستانمان بۆ دەردەخات کە لە ڕووی جوگرافی و سیاسییەوە دەکەوێتەوە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا؛ کەواتە، هەر گۆڕانکارییەکی هەرێمی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەرێمیش دەبێت.

لەم گۆشەنیگایەوە ئامادەبوون لە کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتاڵیا ٢٠٢٦، بریتییە لە هەوڵێکی لۆژیکی بۆ تێپەڕین لە پێگەی "بەرکەوتەی قەیرانەکان"ەوە بۆ پێگەی "بەشداری لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان"؛ واتە لەجیاتی ئەوەی چاوەڕێ بکرێت قەیرانەکان چ کاریگەرییەکی دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان، کار بۆ ئەوە دەکرێت هەرێمی کوردستان ببێتە تەرەفێک لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان.

٣. جەختکردنەوە لە بێلایەنیی پراگماتیکی و خۆبەدوورگرتن لە تێوەگلان لە ململانێکاندا: یەکێک لە گرنگییەکانی بەشداریکردنی سەرۆک "نێچیرڤان بارزانی" لە کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتاڵیا ٢٠٢٦، بریتییە لەوەی کە هەرێمی کوردستان ئاوا نیشان بدرێت کە تەرەفی هیچ لایەنێک نییە لە ململانێ هەرێمییەکاندا. لەم چوارچێوەیەدا سەرۆک "نێچیرڤان بارزانی" لە نێوەندی چاوپێکەوتنەکانیدا لە کۆڕبەندەکە زیاتر جەختی لە جێگیرکردنی ئاگربەست کردووە و هەوڵی داوە دووبارە گرژی و ئاڵۆزییەکان سەر هەڵنەدەنەوە، چونکە لە ماوەی ڕابردوودا لە ئەنجامی جەنگی ئێرانەوە هەرێمی کوردستان یەکێک بوو لەو لایەنانەی کە زۆرترین زیانی بەرکەوت.

ئەم هەنگاوەی سەرۆکی هەرێم، دەکرێ لە چوارچێوەی بێلایەنیی پراگماتیکییەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت؛ واتە هەرێمی کوردستان تەنیا لە ڕووی تیۆرییەوە بێلایەنیی خۆی ڕاناگەیەنێت، بەڵکوو هەوڵ دەدات لە ڕووی پراکتیکییەوەیش خاک و دامەزراوە دەستوورییەکانی خۆی لەوە بپارێزێت کە ببێتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. ئەم سیاسەت و ستراتیژییە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر

گرنگە، چونکە هەولێر بەهۆی پێگە هەستیارەکەیەوە، کە دەکەوێتە نێوان نفووزی ئەمریکا و تورکیا و ئێران، لە ڕووی ئەمنییەوە هیچ دەرفەتی سەرکێشیکردنی نییە.

٤. پەرەپێدانی هاوبەشیی ستراتیژی لەگەڵ تورکیا خاڵێکی گرنگی دیکەیە کە لە نێوەندی سەردانەکەدا سەرۆکی هەرێم هەنگاوی لەپێناودا ناوە. لە چوارچێوەی کۆبوونەوە و دیدارەکانیدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە ڕێکەوتی ١٨ی نیسانی ٢٠٢٦ لەگەڵ سەرۆککۆماری تورکیا "ڕەجەب تەیب ئەردۆغان"، کۆ بووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆیەکی تێروتەسەڵ دەربارەی بەهێزکردنی هاوکارییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کرا، هەروەها هەردوو لا جەختیان لەسەر پابەندیی هاوبەشیان بۆ پێشخستنی گەشەپێدان و پاراستنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا کردەوە.

ئەم کۆبوونەوەیە گرنگییەکی ستراتیژیی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە تورکیا  دەرچەیەکی ئابووری، هاوبەشێکی بازرگانی و، دەروازەیەکی جوگرافیی گرنگە بۆ گەیشتنی هەرێمی کوردستان بە بازاڕە جیهانییەکان. هەروەها تورکیا لایەنێکی کاریگەری ئەمنییە لە دۆسیەی سنوور و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە). بۆیە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنقەرە، پەیوەندیدار نییە تەنیا بە ڕەهەندی دیپلۆماسییەوە، بەڵکوو بەستراوەتەوە بە ئاسایشی وزە و بازرگانی و داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

بۆیە ئەم کۆڕبەندە وەک دەرفەتێک لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بینرا بۆ ئەوەی ئەو هاوبەشییە ستراتیژی و سیاسی  و ئەمنی و ئابوورییەی لەگەڵ تورکیا هەیە، پەرەی پێ بدرێت.

٥. کردنەوەی کەناڵێکی ئەمنیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دامەزراوەی سەربازیی تورکی: چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی تەنیا بە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆککۆماری تورکیاوە سنووردار نەکرا، بەڵکوو کۆبوونەوەیەکی دیکەی گرنگی لەگەڵ وەزیری بەرگریی تورکیا "یەشار گولەر" ئەنجام دا. بەپێی ڕاگەیەنراوە فەرمییەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر تاوتوێکردنی دوایین پێشهاتەکان، گرنگیی پاراستنی ئاگربەست و، پەرەپێدان و پاڵپشتیکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە. ئەم چاوپێکەوتنە زۆر گرنگە، چونکە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە لە ئاستی گوتاری سیاسییەوە بۆ ئاستی هەماهەنگیی ئەمنی دەگوازێتەوە.

دامەزراوەی سەربازی لە تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە سنوور و، ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان؛ هەروەها سوپا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە دیاریکردنی تێڕوانینی ئەنقەرە بۆ ئاسایشی هەرێمی. واتە ئەم چاوپێکەوتنە لە هەمان کاتدا بە واتای ئەوە دێت کە هەرێم دەیەوێ دۆسیە ئەمنییە هەستیارەکان، لەجیاتی بەرزکردنەوەی ئاستی گرژییەکان، لە ڕێگەی کەناڵە فەرمییەکانەوە بەڕێوە ببات.

٦. بەهێزترکردنی پێگەی هەرێم لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا: هەرچەندە کۆڕبەندەکە لەسەر ئاستی دەرەکییە، بەڵام ئەنجامەکانی، کاریگەریی دەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق؛ چونکە هەر چاوپێکەوتنێک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەلایەن بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە، پێگەی هەرێم لە دانوستانەکاندا لەگەڵ بەغدا دەربارەی بابەتە کێشەلەسەرەکانی وەکوو (بوودجە و مووچە، نەوت، دەسەڵاتە دەستوورییەکان، ئاسایش، وەبەرهێنان و هتد) بەهێزتر دەکات. ئەمەیش لە زمانی سیاسەتدا پێ دەوترێت "سەرمایەی

دیپلۆماسی"؛ واتە گۆڕینی پەیوەندییە دەرەکییەکان بۆ هێزی دانوستاندنی ناوخۆیی و دەرەکی. بەڵام ئەم هەنگاوەی هەرێم، پێویستی بە هاوسەنگییەکی زۆر ورد هەیە، چونکە بۆ هەولێر باشترە هەوڵە دیپلۆماسییە دەرەکییەکانی وا نیشان بدات کە تەواوکەری عێراقی فیدراڵە، نەک شوێنگرەوەی. بۆیە لێرە کێشەی فیدراڵیزمی عێراقمان دێتە پێش، ئەویش بریتییە لەوەی کە هەرێم لە ڕووی کردەییەوە پەراوێزێکی دەرەکیی باشی هەیە بەڵام بەردەوام پێویستی بە بەڕێوەبردنی ئەم پەراوێزە هەیە بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان ببێتەوە. سەرۆک "نێچیرڤان بارزانی"یش کەسایەتییەکی گونجاوە بۆ ئەم ئەرکە و، دەتوانین بڵێین تا ئێستا توانیویەتی ئەم هاوسەنگییە وردە بە شێوازێک بپارێزێت کە هەنگاوەکانی سوودی دوولایەنەی هەیە؛ هەم بۆ هەرێمی کوردستان و هەمیش بۆ عێراقی فیدراڵ.

٧. لە گۆشەنیگای هەرێمی کوردستانەوە تێکەڵبوون بە مەلەفی سووری: لە نێوەندی چاوپێکەوتنەکانی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی مەلەفی سووری، بەتایبەت ئەو چاوپێکەوتنانەی پەیوەندیدارن بە سووریا و ئەمریکا، دەردەکەوێت کە تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ سووریا وەکوو کەیسێکی ئەمنیی ڕاستەوخۆ وایە، نەک دۆزێکی دەرەکیی دوور لە هەرێم.

یەکێک لە بابەتەکانی کۆڕبەندەکە پێشهاتەکانی سووریا و بارودۆخی کورد و، کاریگەریی قەیرانە هەرێمییەکان لەسەر سووریا بوو. لەم چوارچێوەیەدا یەکێک لەو بەرپرسە باڵایانەی کە سەرۆکی هەرێم لەگەڵی کۆ بووەوە سەرۆکی سووریا "ئەحمەد شەرع" بوو؛ چونکە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە داهاتووی ڕۆژاوا، بارودۆخی هێزە کوردییەکانی سووریا، سروشتی پەیوەندیی نێوان دیمەشق و ئەنقەرە، ئەمانە هەموویان ئەو فاکتەرانەن کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەرێمی کورستان هەیە. بۆ نموونە گەر بارودۆخی سووریا تێک چوو، ئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت لە سنووررەکان و کێشەی پەنابەرە سوورییەکان و پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا. بۆیە ئامادەبوونی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەم دۆسیەیەدا، ئامانجی گواستنەوەی هەرێمە لە پێگەی "ئەوەی ڕووداوەکان کاریگەریی بکاتە سەری" بۆ پێگەی "بەشداربوو لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان".

٨. پاڵپشتیکردن لە پێگەی هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر: سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە کۆڕبەندی ئەنتاڵیا لەگەڵ "ئەحمەد ئەبولغەیت" سکرتێری گشتیی کۆمکاری عەرەبی کۆ بووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا دوایین پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و گرنگیی ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی قەیرانەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تاوتوێ کران. ئەم خاڵە زۆر گرنگە، چونکە هەرێمی کورستان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، لە ژینگە و بارودۆخێکی شڵەژاودا خۆی وەک "ناوچەیەکی سەقامگیر" پێشکەش دەکات و دەناسێنێت.

ئەم گوتارەی هەرێم تەنیا لەسەر ئاستی میدیادا نییە، بەڵکوو وەک ئەرکێکی سیاسی و ئابووری دێتە پێشمان. لەم چوارچێوەیەدا لە ئەرزی واقیعیشدا کار بۆ زامنکردنی پاڵپشتی دەکرێت و، هەوڵ دەدرێت پاڵپشتی لە وەربەهێنان بکرێت؛ هەروەها کار بۆ بەدەستهێنانی متمانەی هاوبەشان دەکرێت و، هەولێریش وەکوو تەرەفێک نیشان دەدرێت کە دەکرێت لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا پشتی پێ ببەسترێت. ئەمەیش بەپێی چەمکی هێزی نەرمەوە، بارودۆخە سەقامگیرەکەی هەرێم، دەکرێت ببێتە نفووزێکی سیاسیی کردەیی؛ کە ئەمەیش یەکێکە لە ئامانجەکانی سەرۆکی هەرێم لە کاتی بەشداریکردنی لەم جۆرە

کۆڕبەندانەدا.

٩. جێگیرکردنی ڕۆڵی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وەک سەرکردیەکی دیپلۆماسیی کۆکەرەوە: فرەییی کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنەکانی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە کاتی کۆڕبەندی ئەنتالْیا ٢٠٢٦، هاوتەریبە لەگەڵ پێگە سیاسییەکەی وەک سەرکردەیەک کە لایەنگری دیپلۆماسیی هێمن و کردنەوەی دەرگەکانی گفتوگۆ و دوورکەوتنەوەیە لە گرژی و ئاڵۆزی. ئەم بابەتە زۆر گرنگە چونکە هەرێم ئێستا لە قۆناغێکی هەستیاردایە کە پێویستی بە سەرکردایەتییەک هەیە کە توانای کارکردنی هەبێت لەگەڵ تورکیا و ئێران و بەغدا و واشنتۆن و سووریا لە یەک کاتدا. واتا ئەم جۆرە سەرکردایەتییە جیاوازە لە سیاسەتی بەرەنگاربوونەوە و دروستکردنی گرژی و ئاڵۆزی، چونکە سیاسەتەکەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، لەسەر کەمکردنەوەی زیانەکان، فراوانکردنی بژاردەکان و جێگیرکردنی پێگەی هەرێم لە ڕێگەی دانوستاندن لەجیاتی ڕووبەڕووبوونەوە، بونیاد نراوە.

بۆیە بەشداریکردنی لە کۆڕبەندی ئەنتالْیا ٢٠٢٦، تەنیا پێگەی هەرێمی کوردستانی بەهێزتر نەکرد، بەڵکوو پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێمیشی وەک دامەزراوەیەکی هاوسەنگ لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی، پتەوتر و بەهێزتر کرد.

## کۆبەند

گرنگیی بەشداریکردنی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە کۆڕبەندی ئەنتالْیا ٢٠٢٦، لەوەدایە کە توانیی چوار ڕەهەندی پەیوەندیدار بەیەکەوە کۆ بکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە: پەرەپێدانی شەرعییەتی سیاسیی دەرەکی، بەڕێوەبردنی هاوسەنگییە هەرێمییەکان، پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم و بەهێزکردنی پێگەی هەولێر لە ناوەوە و دەرەوەی عێراقدا. بۆیە ئەمە تەنیا بەشدارییەکی پرۆتۆکۆڵی نییە، بەڵکوو بەشێکە لە ستراتیژ و سیاسەتێکی فراوانتر کە ئامانجی ئەوەیە هەرێمی کوردستان بکاتە ئەکتەرێکی سەقامگیر، هاوسەنگ و کاریگەر لە ژینگەیەکی هەرێمیی زۆر ئاڵۆزدا.

بۆیە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەم قۆناغەدا، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بەم جووڵە و هەنگاوە دیپلۆماسییانەیە کە وەک دەرچەیەکی گرنگ تەماشا دەکرێت بۆ دەربازکردنی هەرێمی کوردستان لەو قەیرانانەی کە تیایدایە و، لە هەموویشی گرنگتر ئەم هەنگاوانە لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بەڕێوە دەبردرێت؛ ئەویش سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.